# تاوانەکانی گەندەڵیی لە ئیدارەی کوردیدا

نووسینی: دکتۆر کەمال سەید قادر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەختیار کەریم

ئەمەی خوارەوە دەقی وەرگێڕدراوی وتارێکی دکتۆر کەمال سەید قادرە کە لە 2002/12/31 دا نووسیویێتی، بەڵام هێشتا سوود بە خوێنەر دەگەیەنێت لەو دۆخە شەرمهێنەی دەسەڵات و ڕۆشنبیریی کوردی پێیدا تێپەڕدەبێت. پاش خوێندنەوەی وتارەکە خوێنەر دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو دۆخەی چوار ساڵ بەرلە ئێستا لەجیاتی باشبوون خراپتربووە و ئاراستەکانی فراوانتربوون. هاوکاتیش ئەم وەرگێڕانە دەکرێت هەڵشاخانەوەیەک بێت بە ڕووی ئەو دەسەڵاتەی ناڕەوا دکتۆر کەمالی لە زیندانەکانی خۆی ترنجاندوە و بچوکترین ڕێز لە هاواری مرۆڤی کورد ناگرێت و بێبەها لە ژیانی مرۆڤ دەڕوانێت، ئەمە پەیامێکە دەڵێت پەیڤەکان لە زیندانیشەوە دەگەن، هیچ دیکتاتۆرێک ئەو "پیاو"ەنیە بتوانێت ڕێگە لە پەیڤی یاخی و باڵدار بگرێت. وەک وتارەکەش پێماندەڵێت دەبێت یاسا سەروەری هەموان بێت.

وەرگێڕ
06/01/07

## پێشەکیی

لەم وتارەدا چەمکی گەندەڵیی تەنها مامەڵە لەگەڵ ئەو فۆرمانەی گەندەڵیی دەکات کە دامەزراوەکانی دەوڵەت تێیدا بەشدارن، بۆ نموونە وەک گەندەڵیی ئیداریی کە لە کوردستان زۆر بەربڵاوە.
گەندەڵیی لە چەندین فۆرمی جیاوازدا و بەچەندین شێوازی جیاواز ڕوودەدات، هەربۆیە بەخشینی پێناسەیەکی یەکگرتو بە تاوانی گەندەڵیی سەختە. سێناتۆری ئەمریکی "چێرچ" بە دروستیی گەندەڵیی

ناونا شێرپەنجەی کۆمەڵگا. وەک شێرپەنجە وایە کە لە جەستەی خودی دەوڵەتدا گەشەدەکات و جەستەکەی لاوازدەکات و دایدەرِزێنێت، و دەوڵەت دەکاتە شتێکی ناکارا، لە ئەنجامدا ئەگەر چارەسەر نەکرا دەبێتە هۆی کوشتنی جەستەی دەوڵەت. سامناکترین جۆری شێرپەنجە ئەوانەن کە لە کەللەسەری جەستەدا دروست دەبن. لەبەرئەوە ئەگەر لە کۆمەڵگادا کەللەسەر گەندەڵ بوو درەنگ نابات بۆ تووشبوونی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا. زۆر خەمناکە کە دەبێت بڵێین شێرپەنجەی کۆمەڵگای کوردیی لەم جۆرەیانە. کەللەسەری کۆمەڵگای کوردیی شێرپەنجەی گەندەڵیی هەیە.

**پێناسەی گەندەڵیی:** بەگشتیی دەکرێت گەندەڵیی وەک هەڵبەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتیی بۆ سوودی تایبەتیی پێناسەبکەین. رەفتارێکە کە لە رەوتی ئاسایی بەجێهێنانی ئەرکی گشتیی لادەدات لەبەر هۆکاری تایبەتیی. گەندەڵیی خیانەتە لە ئەرک. خیانەتە لە دەوڵەت و لە کۆی کۆمەڵگایەک کە چاوەروانی یەکسانیی و دادپەروەریی لە دەوڵەت دەکات. خیانەتە لەو متمانەیەی بەخشراوە بە بەرپرسەکان. دەکرێت هۆکارەکان ماددی و نامادد‌ی بن.

هۆکاری ناماددی بۆ نموونە ئەو کاتانەیە کە فەرمانبەرێک هەوڵدەدات پێگەی کەسیی خۆی و پاڵپشتییەکانی زیادبکات لەرێگەی سوود گەیاندن بە کەسانێک لەسەر حیسابی کۆمەڵگا. فەرمانبەری گەندەڵ وەک بازرگانیی لە فەرمانگەکەی دەروانێت و هەوڵدەدات داهاتی زیادبکات. لێرەوە فەرمانگەکەی دەبێتە یەکەی فراوانکردنی داهات بەپێی یاساکانی بازاڕ.

رێژەی داهاتەکەی وابەستەیە بە مەرجەکانی بازاڕ و ئەو خزمەتانەوە کە پێشکەشی دەکات لەگەڵ بەهرەکانی بۆ دۆزینەوەی کریار و زیادکردنی داهاتەکی بە شێوەیەکی نائاسایی. گەندەڵیی مەرج نیە بە واتای شکاندنی یاسا بێت. لە هەندێک کۆمەڵگادا کە یاسا نیە لە دژی گەندەڵیی و هیچ یاسایەک نەشکاوە لەکاتی گەندەڵییدا.

لەم دۆخانەدا گەندەڵیی دەبێت وەک کردەی نادادیی و نائەخلاقیی شەرمەزار بکرێت. ئەمە بۆ نموونە دۆزەکەیە لە کوردستان. یاسا نیە لە دژی گەندەڵیی ئیداریی.

یاساکانی عێراق کە تا ئەندازەیەک لەکاردان لە کورستان سەرەتا نابێت وەک یاسا لێیان بروانین، چونکە شەرعییەتی جەماوەرییان نیە. باڵەکانی یاسادان لە عێراق دەسەڵاتیان لە خەڵکەوە سەرچاوەی نەگرتوە واتا لەرێگەی هەڵبژاردنی دیموکراتیەوە. تەنانەت ئەگەر یاسای لەو جۆرە هەبێت، لەدژی کاربەدەستانی گەندەڵ بەکارناهێنرێن چونکە ئەم کاربەدەستانە لە سەروو یاساوەن. لێرەوە دەکرێت گەندەڵیی بەربڵاو لە کوردستان وەک خیانەت لە کۆمەڵگا و متمانەی جەماوەر پێناسە بکرێت. ئەمانە کرداری نارەوان و لە هەموو یاساکانی ئەخلاق بەدەرن.

لەوە زیاتر گەندەڵیی تاوانێکی نێونەتەوەییە و لەلایەن یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، چونکە ناردنەدەرەوە و تاوتوێ کردنی ئەو پارانەی کە لە رێگەی گەندەڵییەوە کۆکراونەتەوە بەشێکن لەم تاوانە. گریمانە دەکرێت کە ساڵانە نزیکەی 500 ملیار دۆلار لە پارەی رەش لەسەرانسەری جیهاندا تاوتوێ بکرێت.

بڵاوترین جۆری گەندەڵیی بەرتیلدانە بە فەرمانبەران. هەوڵی سەرەکی بەرتیلدان کاریگەریی دانانە لەسەر ڕەفتاری فەرمانبەران بۆ کردن یان نەکردنی کارێک. بەڵام مەرج نیە هەموو فەرمانبەرێکی گەندەڵ بەرتیل وەربگرێت.
بۆ نمونە ئەو فەرمانبەرەی یارمەتی خۆشەویستەکانی خۆی (مناڵەکانی و هتد) دەدات بۆ وەرگرتنی پۆست یان بازرگانیی قازانجدار بۆ ئەم کارەی بەرتیل وەرناگرێت، بەڵام هەر دەبێت وەک فەرمانبەرێکی گەندەڵ لێی بڕوانین. بەرتیل لە دۆخی دیاریکراودا دەدرێت بۆ نمونە لە کاتی بردنەوەی تێندەرێکدا، بەڵام بەخشینی دیاریی وەک بردنەوەی دڵی فەرمانبەرێک یان وەک دووربینییەک بۆ هاوکاری لە پێداویستییەکانی داهاتودا بازرگانی کردنە لە داهاتودا.

## گەندەڵیی لە مێژوودا

گەندەڵیی وەک دیاردەیەکی گشتیی پێدەچێت تەمەنی هێندەی تەمەنی ڕەگەزی مرۆڤ بێت. گەندەڵیی وەک لەشفرۆشیی دیاریەک بووە و دیاردەیەکە لە ژیانی ڕۆژانەی هەر کۆمەڵگایەک لە مێژوودا و لە ئێستادا.
لە میزۆپۆتامیا (عێراقی ئێستا) یاسا لەدژی گەندەڵیی دەردەکرا. یەکێک لە یاساکانی حامۆڕابی (1792-1750پێش زایین) کە وەک کۆدەکانی حامۆڕابی ناسراوە، دەڵێت: کەسێک کە هەوڵ دەدات بەرتیل بدات بە شاهیدێک یان دادوەرێک دەبێت بە توندی سزا بدرێت. دیارە لە مێژوودا بەرتیل تەنها لە فۆرمی پارەدا نەبووە. سیساریۆ (Cicero) پارێزەرێکی ئیمراتۆری ڕۆمانی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر نووسویەتی کە ژنان وەک بەرتیل بەکارهاتوون بۆ دادوەرەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان.
بەرتیل بەشێوەیەکی فراوان بۆ کڕینی سوپاسالاری بێگانە بەکارهاتوە بۆ ئەوەی ڕازیان بکەن بۆ خۆبەدەستەوەدان. ئەلیکساندەری مەکەدۆنیا جارێک گووتوویەتی: "من دەتوانم هەر شارێک داگیربکەم ئەگەر توانیم باری کەرێک زێڕ بەرمە ناوی". لە مێژوودا گەندەڵیی هۆکاری لەدەستدانی ژیانی یەکێک لە سێ پێغەمبەرەکەی جیهان بووە. پێغەمبەری مەسیحییەکان عیسا لەلایەن یەکێک لە هاوەڵانی خۆیەوە خیانەتی لێکرا تەنها بۆ سی دراوی زیو.
هەروەها شۆڕشی فەڕەنسیی و زۆربەی سەرکردەکانی بوونە قوربانی گەندەڵیی. ڤۆڵتێر، یەکێک لە باوکانی شۆڕشی فەڕەنسیی تووشی گەندەڵییەکی زۆر بوو تا خۆی کردە بازرگان. بۆ وێنە خاوەنی کارگەیەکی بەرهەمهێنانی گۆرەوی ژنان بوو. لەکاتێکدا ڕۆبسپێر هەوڵی دەدا کۆتایی بە گەندەڵیی بهێنێت خودی خۆی بووە قوربانیی پیلانگێڕیی هاوڕێ گەندەڵەکانی و لەناویان برد. لە ئەنجامدا کۆی شۆڕشی فەڕەنسیی لەژێر بارستایی گەندەڵییدا ڕۆخا. هاوکات ئێمەی کورد چەندین ڤۆڵتێرمان هەیە کە زۆر لاواز و تینوون بۆ کارگای گۆرەوی و قۆنەرە.
دیمۆکراسییەکانیش خاوەن کێشەی گەندەڵیی خۆیانن. بەربڵاوترین کردەی گەندەڵیی لە مێژووی دیمۆکراسییەکاندا کڕینی دەنگ و کورسی پەرلەمانە. لە ئیمراتۆریەتی ڕۆماندا دوو هەزار ساڵ بەر لە

ئێستا یاسا هەبوو بۆ سزادانی کڕینی دەنگ. پارەدان بە دەنگدەران لەلایەن پاڵێوراوە دەوڵەمەندەکانەوە بۆ ئەوەی دەنگیان بۆ بدەن زۆر بەربلاو بوو.

پەرلەمانی ئینگلیزیی، دایکی هەموو پەرلەمانە مۆدێرنەکان، لە کرداری گەندەڵیی بەدەر نەبوو. لە سەدەی نۆزدەدا لە پەرلەمانی ئینگلیزیی کورسییەک بە 5.000 پاواند بوو.

سیاسی زیرەکی دیکە لە مێژوودا بەرتیلیان لە بەرژەوەدنیی نەتەوەکانیان بەکارهێناوە. بۆ نمونە بەرتیل رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە یەکگرتنی ئەڵمانیادا لە ساڵی 1871. بیسمارک کە ئەڵمانیای یەکخست، سندووقێکی تایبەتی دامەزراند بۆ بەرتیلدان بە نەیارانی یەکخستنەوەی ئەڵمانیا. لودوینگی دووەم، پادشای ئەوسای باڤاریا بڕێکی زۆری پارە وەرگرت لە بەرامبەر پاڵپشتیکردنی لە پادشا ولیامی یەکەم، کە پاشان بووە پادشای ئەڵمانیای یەکگرتوو. بیسمارک بە شێوەیەکی سیستەماتیکی بەرتیل بە هەر کەسێک دەدا کە دژایەتی یەکێتیی ئەڵمانیای بکردایە.

بەکارهێنانی بەرتیل بۆ مەرامی سیاسیی هەمیشە سەرکەوتو نابێت، بەتایبەتیی کاتێک کە کەسی بەرتیل پێدراو زیرەکتر بێت. ئەمە ئەو دۆزە بوو لە پەیوەند لەگەڵ لینین. لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەڵمانیا هەوڵی دەدا ڕەوشی ڕۆسیای قەیسەریی بشێوێنێت لەڕێگەی بەرتیلدان بە لینین. لینین بۆ هوکاری تاکتیکیی پارەی ئەڵمانیای قبووڵکرد چونکە پێوستی بوو بۆ یارمەتیدانی شۆڕشەکەی. زیاتر لە بیستوشەش ملیۆن مارکی ئەڵمانی درا بە لینین لە پێش و پاش شۆڕش. هەر لەگەڵ ئەوەی لینین پێگەی خۆی لە یەکێتی سۆڤیێتی نوێ جێگیرکرد، دەستیکرد بە هاوکاریکردنی کۆمەنیستەکانی ئەڵمانیا و سوپاکەی خۆی ئەو سوپایەی تا ئەندازەیەک بەرلینی داگیرکراو بەخێوی دەکرد لە ساڵی 1945.

لەم ڕۆژگارەی ئێستادا گەندەڵیی دیاردەیەکی ڕۆژانەیە لە هەموو کۆمەڵگایەدا. لە هەندێک کۆمەڵگادا زۆر سنووردارە لەکاتێکدا لە هەندێکی تردا زۆر بەربلاوە. یابان و ئیتاڵیا تەنها دوو نمونەن. لێکۆڵینەوەیەک لەسەر گەندەڵیی لە یابان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نۆ لە پانزە سەرۆک وەزیران کە لە نێوان ساڵانی 1955-1993 دا حوکمیان کردوە دەستیان هەبووە لە کردەی گەندەڵییدا.

گەندەڵیی ئایدۆلۆجیای نیە. سیاسیی ڕەنگاوڕەنگ لە خاکی گەندەڵییدا کاردەکەن. لە دۆزێکدا سیاسییەکانی پارتی سۆشیالیست، پارتی کۆمیونیست و پارتی کریستیان دیمۆکرات بەیەکەوە دەستیان هەبوو لە سکاندالێکی گەندەڵییدا لە دەڤەریی "ساڤۆنا"ی ئیتاڵیا.

پێویستە بگووترێت کە لە هەندێک وڵاتی دیمۆکراتیدا گەندەڵیی بە فەرمی ڕێگری پێدەدرێت بۆ بەرتیلدان بە سیاسەتمەداری بێگانە تا بازرگانی ناردنەدەرەوە فراوان بکەن. کۆمپانییای زۆر لە وڵاتە ئەوروپییەکان لەوانەیە بڕی ئەو بەرتیلە لەو باجە دابشکێنن کە دەیدەن بە دەوڵەت. ئەم کردارە ئیستا لە زۆر وڵات قەدەغەکراوە بەڵام هێشتا بەکارهێنانی بەربلاوە. دەوڵەتان ڕاستەوخۆ بەرتیل دەدەن بە فەرمانبەری بێگانە، بۆ ئەوەی ڕێگە بدەن کە دەزگا نهێنییەکانیان کارە چەپەڵەکانیان بۆ ئەنجام بدەن. سایکۆلۆجیای هەموو فەرمانبەرێکی بێگانە دەخوێنن کە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن بۆ ئاشنابوون بە لاوازییەکانی. پارە و سێکس باوترین کەرەستەن بۆ بەرتیلدان بە فەرمانبەرانی بێگانە.

گەندەڵیی بەتایبەتیی لە هەندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا کە ژمارەیەکی زۆر کارمەندی بێگانە کاری تێدا دەکەن ئێجگار بەربلاوە. چونکە زۆربەی دەوڵەتان لە شەڕێکی نهێنی زانیارییدان لەدژی یەکتر و دیپلۆماتەکان باشترین سەرچاوەی زانیارین دەربارەی وڵاتەکانیان. هەروەها ژنان بە شێوەیەکی بەربلاو

بەکاردەهێنرێن وەک بەرتیلدان بە دیپلۆمات و سیاسەتمەداری بێگانە. پێدەچیت ژنان کەرەستەیەکی باش بن بۆ بەرتیلدان بە سیاسەتمەداری پایەبەرزی بێگانە. بۆکاسا، دیکتاتۆری پێشووی ناوەڕاستی ئەفریقا، لە ساڵی 1979 دانیبەوەدانا کە یەکێک لە ژنە جوانەکانی خۆی وەک بەرتیل داوە بە سەرۆکی فەڕەنسی "گیست گاردیستان" هەر کاتێک سەردانی ناوەڕاستی ئەفریقای بکردایە.
لێرەوە دەکرێت بگووترێت کە گەندەڵیی هەرگیز بنبڕناکرێت بەڵام دەکرێت سنووردارکرێت بۆ نزمترین ئاستی شیاو.

## هۆکارەکانی گەندەڵیی

گەندەڵیی بەربڵاو چەندین هۆکاری جودای هەیە. دەکرێت هۆکارەکان سیاسیی، دەروونیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و هتد...بن. لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەک دەگۆڕێن، بەڵام کۆمەڵێک هۆکار هەن کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هاوشێوەن:

1. هۆکاری کۆمەڵایەتیی و دەروونیی: ئیگۆییزم لاوازییەکی هاوبەشی زۆربەی مرۆڤەکان. بەرژەوەندیی خۆیان لە سەروو بەرژەوەندیی کۆی کۆمەڵگاوە دەبینن. دەبنە کۆیلەی سروشتی خۆیان و لایان سەختە بەرەنگاریی خولیای وەرگرتنی ئەو شتانە بکەن کە پێشکەشیان دەکرێت، بەتایبەتی بەرەنگاریی هێزی ئەفسونی پارە.

هاوکات هەندێک مرۆڤی تر دەخوازن ناوازەبن لەنێو هەموو ئەوانی تردا لەڕێگەی ڕەفتاری نائاساییەوە، لەبەرئەوەی گەندەڵیی ڕەفتارێکی ئاسایی نیە دەبنە کەسانێکی گەندەڵ بۆئەوەی خۆیان لە خەڵکی دی جیابکەنەوە. کەسانی لەم جۆرە تەنانەت لەنێو گۆڕیشدا ئارام ناگرن، وەک دەبینین گۆڕەکانیان دەرازێنرێتەوە بۆ ئەوەی لە گۆڕی کەسانی تر جیابکرێنەوە لە هەمان گۆڕستان. هەندێکی تر گەندەڵ دەبن لە ئەنجامی لووتبەرزیان و تا نمایشی دەسەڵاتداریی خۆیان بۆ خەڵک بکەن لەڕێگەی شکاندنی یاساوە بەبێ بەرهەڵستیی. پێدەچێت ئێمە لە کوردستان چەندینمان لەم کەسایەتییە نابووتانە هەبێت.

2. هۆکاری ئابووریی: زۆربەی تاوانەکانی گەندەڵیی لەپێناوی سوودی ماڵیی تاکەکەسیی ئەنجامدەدرێن. بۆ ئەو کەسانە پۆست کەرەستەیەکی لەبارە بۆ دەوڵەمەندبوون لەبری ئەوەی کارێکی زۆر بکەن و خۆیان بخەنە بەردەم ئەگەری داڕوخانی بازرگانییەکەیان. وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا پۆست بۆتە بازرگانیی تایبەتی ئەم کەسانە. ئەمە دۆزەکەیە بەتایبەتیی لەو کۆمەڵگایانەدا کە فەرمانبەران مووچەیان کەمە. ئەم فەرمنابەرانە تا ڕادەیەک ناچاردەکرێن کە بەرتیل قبووڵ بکەن بۆ دەستەبەرکردنی ژیانیان. ئەمە هۆکاری گەندەڵییە لەنێو هەندێک لە فەرمانبەرانی پلەنزم لە کوردستان. زۆربەی فەرمانبەران مووچەیان هێندە کەمە کە ناتوانن ژیانی یەک هەفتەی پێ دەستەبەربکەن.

شۆپنهاوەری فەیلەسوف دەڵێت زۆر سەختە هەژار و دەستپاک بیت. گەندەڵیی لەهەمان کاتدا وەک گەرەنتی بۆ داهاتوو دەبینرێت، کاتێک فەرمانبەر پیردەبێت یان نەخۆش دەکەوێت و دەوڵەتیش توانای نیە داهاتی پێویستی بۆ دابین بکات. گەندەڵیی بۆ ئەمانە بەگەڕخستنی پارەیە لە ئایندەدا. هاوکات پارە و سەروەت سیمبوڵی پایەن لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بەڵام لە هەندێک کۆمەڵگادا کەرامەتی مرۆڤ بە پارە دەپێورێت کاتێک خەڵک هەژاربوون وەک هیچ ئاماژەیان پێدەکرێت. لەبەرئەوە هەموو کەس بەهەر شێوازێک بووە تەنانەت گەندەڵییش هەوڵ دەدەن دەوڵەمەند بن تا کۆمەڵگا قبووڵیان بکات

3. هۆکاری سیاسیی: هۆکاری سیاسیی واتای ئەوەیە کە تاوانی گەندەڵیی بکەیت بۆ دەستکەوتی سیاسیی نەک بەتەنها سوودیماڵیی. ئەمە بۆ نموونە دۆزەکەیە کاتێک ئەم تاوانە دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی، یان مانەوە لە دەسەڵتدا و فراوانکردنی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە. ئەم جۆرە لە گەندەڵیی لەلایەن حیزبە سیاسییەکان یان سیاسەتمەدارانەوە دەکرێت. حیزبە سیاسییەکان پێویستیان بە پارەی زۆرە بۆ خەرجکردنی لە چالاکییەکانیاندا، وەک پروپاگەندەی حیزبیی، ڕاگرتنی بنکە جەماوەرییەکانی حیزب، مووچەی کارمەند و فەرمانبەرانی حیزب هەروەها هەندێک جار بۆ بەرتیلدان وەک پارە یان شتی تر بە لایەنگران.

گەندەڵیی سیاسیی لە کورستان، کە بە شێوەیەکی سەرەکیی لەلایەن دوو حیزبی دەسەڵاتداروە بەڕێوەدەبرێت، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەم هۆکارانە. دوو حیزبی دەسەڵاتدار کە ئیدارەیان لەدەستە ناچارن کە بەشێکی داهاتی ناوچەیی بەکاربهێنن بۆ بەڕێوەبردنی ئەو چالاکییە حیزبییانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان. هەروەها دەبێت تفاق بۆ ئایندە بخەن ئەگەر بیانەوێت دەسەڵاتیان بەردەوام بێت. ئێستا خۆیان بۆ قۆناغی دیمۆکراتیزەکردن ئامادە دەکەن، کە لەوانەیە چیتر نەتوانن داهاتی هەرێمەکە بۆ مەبەستیی سیاسیی تایبەت بەکاربهێنن. دەبێت هەندێک پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش هەڵبگرن.

هاوکات پەیوەندیەک لە نێوان ڕابوردووی کۆلۆنیالیزم و گەندەڵییدا هەیە. ئەو دەڤەرانەی لە ژێر دەستی بێگانەدابوون، گەندەڵیی تێیاندا دەرهاویشتەی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی داگیرکەرانە. داگیرکەری بێگانە بەردەوام هەوڵ دەدات کەرامەت و مۆراڵی گەلی ژێردەستە بشکێنێت تا وزەی بەرەنگاریان لەناوبەرێت.

گەندەڵیی نزمبوونەوەی ئەخلاقە چونکە جۆرێکە لە تاوانی دزیی. هەر لەبەرئەوەیە کە داگیرکەر هەوڵ دەدات تۆوی گەندەڵیی بڵاوبکاتەوە لە هەر شوێنێک کە بتوانێت. ئەو فەرمانڕەوا ناوچەیی و سیخوڕی بێگانانەی کە ئامەدەن هاوکاری داگیرکەر بکەن لە پاداشتی خیانەتەکانیان لە ڕێگای گەندەڵییەوە دەرفەتی خۆ دەوڵەمەندکردنیان پێدەدرێت. ئەمە ڕاست بوو بۆ نمونە لەژێر داگیرکاری ڕژێمی بەعسدا کاتێک خیانەتکارانی خاوەن کەسێتیی تێکشکاوی کورد تاوانی گەندەڵییان دەکرد و لە کۆمەڵگای کوردییدا بڵاویان دەکردەوە. زۆربەی ئەم کاربەدەستە گەندەڵانە پاشان کرانە بەشێک

لە ئیدارەی کوردیی لەبەر کەسێتیی تێکشکاویان و تا لە تاوانکاری دێرینیان بەردەوامبن لە خزمەتی دوو حیزبەکەدا.

هەموو دیکتاتۆرییەکان ڕژێمی گەندەڵن. لەم ڕژێمانەدا کاربەدەستانی دەوڵەت ڕێگەیان پێدەدرێت پراکتیزی گەندەڵیی بکەن بۆ دەستەبەرکردنی وەلائیان بۆ ڕژێمەکە هەروەها ڕیسواکردنیان ئەگەر وەلائیان لاوازبوو. لەوانەیە لە هەر کاتێکدا ئەم کاربەدەستانە بکەونە بەردەم سزای دیکتاتۆر لەسەر هەمان گەندەڵیی.

دەسەلات بەردەوام بەرەو گەندەڵیی دەکشێت ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت، هەروەها لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئۆپۆزسیۆنی تێدانیە یان ئۆپۆزسیۆن زۆر لاوازە گەندەڵیی تابێت پەرەدەسەنێت. لە کوردستان ئێمە چەندین حیزبی سیاسیمان هەیە، بەلام ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی کارا نابینن. تا ئەندازەیەک لەبەرئەوەی زۆربەیان ڕاستەوخۆ لەلایەن یەکێک لە دوو حیزبی دەسەلاتدارەوە پارەیان دەدرێتێ، یان لەبەرئەوەی لە لێدان دەترسن، لێدانێک کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ژیانی ئەوانەی دەیانەوێت ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن.

گەندەڵیی وەکی تر نەخۆشییەکی درێژخایەنی ڕژێمەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمە. ئەم ڕژێمانە ڕۆتین (بیرۆکراتییەت) بەکاردەهێنن بۆئەوەی ڕامانی جەماوەر لە دۆزە سیاسییەکان دوربخەنەوە لەڕێگای تا دوائەندازە سەختکردنی ژیانیانەوە. بەلام ئەم ڕۆتینە هاوکات مانای کات و وزە بەفیرۆدانە چونکە کات پارەیە خەڵک هەوڵ دەدەن لەڕیگەی بەخشینی بەرتیلەوە بە فەرمانبەران کات بپارێزن، هەروەها بۆ پاراستنی پارە کە دواخستنی کارەکانیان هۆکاریەتی.

بەبێ ڕۆتینیش سەرکوتی سیاسیی دەبێتە هۆی گەندەڵیی، چونکە خەڵک ناچار دەکرێن ئاسایشی ژیانیان لە ڕێگەی بەرتیلەوە لە هێزەکانی ئاسایش بکڕن. دەزگاکانی ئاسایش لە ڕژێمە سەرکوتکەرەکاندا دەسەلاتی یاسایی زۆریان هەیە بگرە کەم تا زۆر لەپشت یاساوە کاردەکەن، ئەمە ئەگەر یاسای لەم جۆرە بوونی هەبێت.

لێرەوە هێزەکانی ئاسایش هەوڵ دەدەن دەسەلاتەکانیان بکەنە بازرگانیی لەڕێگەی تۆمەتبارکردن و گرتنی هەر کەسێکەوە کە بتوانن ناوی بزڕێنن و لەم ڕێگەیەوە پارەی لێبسەنن. ئەم میتۆدە قێزەونە زۆر بە بەربلاوی لە سەردەمی دەسەلاتی ڕژێمی بەعسدا لە کوردستان بەکاردەهات هەروەها لە سەردەمی شەڕی براکوژیدا لەنێوان دوو لایەنی کوردییدا بەکاردەبرا. یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕی براکوژی دەگەڕێتەوە بۆ بازرگانیی و هەوڵیی دەستکەوت لەلایەن هەندێک جەنگسالارەوە لە هەردوولا.

هەندێکیان لەڕیگەی دەستبەسەرداگرتن و دزینی سەروەتی برا کوردەکانیانەوە بوونە ملیۆنێر. ئەم سەروەتە دزراوانە هۆکارن بۆ بەرقەرارنەبوونی ئاشتی تەواو بەئاسانیی لەنێوان هەر دوو لایەندا. بیهننە پێش چاوتان دەبێت چەند سەروەتی دەستبەسەرداگیراو و دزراو بگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکانییان ئەگەر ئاشتی تەواو بەرقەرار بوو.

## سیما سەرەکییەکانی کۆمەڵگای گەندەڵ:

کۆمەڵگا گەندەڵەکان چەند سیمایەکی جیاکەرەوەیان هەیە کە دەتوانین بە ئاسانیی بیانناسینەوە لەڕێگای ئەم چەند سیما هاوبەشەوە:

1. هەموو کۆمەڵگا خێڵەکییەکان گەندەڵن: خێڵگەرایی سەرەتا مانای ئەوەیە کە دەسەڵات لە خێڵدا بۆماوەییە، واتا دەسەڵاتی سەرۆک خێڵ بەردەوام دەبێت هەتا مردنی ئەوجا کوڕەکەی یان براکەی جێگەی دەگرن. پاشان سەرۆک خێڵ موڵکی هەموو ئەندامانی خێڵ و ئەوانەی لەژێر کاریگەری ئەودان بەهی خۆی دەزانێت. لەمەش زیاتر لە پاشکەوتەکانی وەک شت دەڕوانێت، شتی زیندوو، کە ئەو خاوەنداریێتیان دەکات یان لە باشترین دۆخدا بە خزمەتکاری خۆییان دەزانێت. لەم بارانەدا دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و بەهەڵە بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن سەرۆک خێڵەوە وەک گەندەڵیی نابینرێت چونکە خۆی بە خاوەنی شەرعییان دەزانێت.

هەروەها لەژێر دەسەڵاتیدا ئەوانە هەن کە ستایش دەکرێن و ئەوانەش کە نابووت دەکرێن. خزمەتکاری ستایشکراو لە ئیدارەی خێڵدا پۆستیان پیدەبەخشرێت کە لەو پۆستانەدا دەتوانن لەڕێگای گەندەڵییەوە خۆیان دەوڵەمەند بکەن. خێڵگەرایی حیزبی خێڵەکییش دەگرێتەوە، کە سەرۆکی حیزب وەک سەرۆک دەمێنێتەوە هەتا دەمرێت ئەوجا کوڕەکەی یان براکەی جێگەی دەگرن.

گەورەترین کێشە لەگەڵ ئەم کۆمەڵگا خێڵەکییانە ئەوەیە کە نەک تەنها سەرۆک مافی سەروەریی بە خۆی دەدات بەڵکو خزمە نزیکەکانیشی کە هەندێک جار لە هەژماردن نایەن. هیچ بەرهەمیان نییە و پارەیەکی زۆر لەسەر کۆمەڵگا دەکەون و هەوڵی دەوڵەمەندکردنی خۆیان دەدەن لەڕێگای قۆرخکردنی هەموو بازرگانییە پڕداهاتەکانەوە. دەستدەگرن بەسەر هەموو بوارەکانی ئابوورییدا و شێوازی ناوزڕاندان و تەنگپێهەڵچنین لە دژی بازرگانەکانی تر بەکاردەهێنن، لێرەوە وەک کرمی نێو جەستەی کۆمەڵگا کاردەکەن.

2. کۆمەڵگای گەندەڵ ئابوورییەکەی دواکەوتوە: لێرەدا دواکەوتویی بەو واتایە نیە کە ئەندامانی کۆمەڵگا هەژارن، بەڵکو بەو واتایەیە کە ئابووری ناکارا و بێبەرهەمە و پشت بە هاوردن دەبەستێت. هەندێک کۆمەڵگای خێڵەکیی دواکەوتو هاوکات زۆر دەوڵەمەندن. بۆ نمونە دەوڵەتانی گەندەڵی بەرهەمهێنی نەوت، کە بەتەواویی پشت دەبەستن بە شمەکی ڕۆژانەی هاوردە. ئەگەر ناردنەدەرەوەی نەوت بۆ ماوەیەک ڕاوەستا لەوانەیە ڕووبەڕووی برسێتی ببنەوە، چونکە بازرگانەکان لەبەر گەندەڵیی و نەبوونی یاسا متمانە بە ئابوورییەکەیان ناکەن. پارەکانیان بۆ نمونە لە پرۆژەی بێبەرهەمی وەک خانووبەرەدا دەخەنەگەڕ.

3. کۆمەڵگای گەندەڵ لە ڕووی سیاسییەوە نائارامە و پشت بە دەسەڵاتی دەرەکیی دەبەستێت: هۆکاری سەرەکیی نائارامیی سیاسیی نەبوونی دادوەریی و یەکسانییە کە دەرئەنجامی گەندەڵیی و هۆی دیکەی سیاسیین. هۆکاری نەبوونی دادوەریی نارێکییە لە دابەشکردنی سەروەت لە کۆمەڵگادا هەروەها گەندەڵترین فەرمانبەر خۆی لەسەر حسابی کۆمەڵگا دەوڵەمەند دەکات، لەکاتێکدا ئەوانەی تر ناچارن کاری قورس بکەن بۆ بەدەستهێنانی

پێداویستییەکانیان. هۆکاری نایەکسانی پلە بەخشینە بە هەندێک ئەندامی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای بنەچە یان نزیکیی لە دەستەبژێری دەسەلاتدارەوە.

ئەم هۆکارانە لە کۆبەندییدا کۆمەڵگا تووشی دابەشبوون و جیابوونەوەی دەوڵەت لە گەل دەکەن. گروپە کەرتبووەکان دەبنە نەیاری یەکتر ئەمەش دەرگا بەرووی دەستێوەردانی دەسەڵاتی بێگانەدا دەکاتەوە لە کاروباری ناوخۆی کۆمەڵگادا لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەم یان ئەو گروپ زیاتر بە بەکارهێنانی هاوکاریی ماڵیی سەرکردەی گروپەکە. زۆربەی شەڕەکانی براکوژی دەبنە هۆی دەستێوەردانی بێگانە، کە لە ڕاستییدا شەڕی دەستکەلاکانە بۆ بەرژەوەندی ئەو دەسەڵاتە بەڕێوەدەبرێت. ئەم دۆخە چینێک لە سیاسەتمەداری گەندەڵ دروستدەکات کە پاشان هاوکاریی هەر دەسەڵاتێک دەکەن کە بڕی دیاریکراویان بداتێ. لەنێوان گەندەڵیی وەک خیانەت لە ئەرک و وەک خیانەت لە نەتەوە سنوورێکی ئاشکرانیە. ئەو کاربەدەستەی خیانەت لە پۆستەکەی بکات ئامادەیە خیانەت لە نەتەوەکەشی بکات. گرنگ تەنها نرخەکەیە.

4. گەندەڵیی فۆرمێکی نوێی کۆلۆنیالیزمە لە جیهانی سێیەم: شاراوەنیە کە شەڕێکی پەنهان لەگۆڕێیە لەنێوان دەوڵەتە دەوڵەمەند و باڵادەسەڵاتەکان لەلایەکەوە لەگەڵ دەوڵەتە هەژار و لاوازەکان لەلایەکی دیکەوە. دەوڵەتە دەوڵەمەند و باڵادەستەکان شەڕدەکەن بۆ وەدەستهێنانی سەروەت و دەسەڵاتی زیاتر و دەوڵەتە هەژار و لاوازەکان هەوڵی هەڵهاتن دەدەن لە تەوقی هەژاری و باڵادەستیی بێگانە. کێشەکە ئەوەیە کە دەستێوەردان و سەپاندنی ئیرادەی دەوڵەتە باڵادەستەکان ڕاستەوخۆ نییە بۆ تالانکردنی دەوڵەتە لاوازەکان، بەڵکو سەرکردە گەندەڵە ناوچەییەکان بەکاردەهێنن تا ئەو کارەیان بۆ بکات. جیهانی ڕاستەقینەی سیاسەت وەک هەر بازاڕێک بەڕێوەدەچێت. کڕین و فۆرشتنێکی هەمیشەییە. کڕیاری هەمیشەیی و فرۆشیاری هەمیشەیی هەن. کڕیاری هەمیشەیی دەولەتە دەوڵەمەندە و باڵادەستەکانن. پارەدەدەن بە هەندێک سەرکردەی دەوڵەتە هەژار و لاوازەکان و هەرچییەکیان بوێت بۆیان دەکەن. هەندێک سەرۆکی دەوڵەتە هەژار و لاوازەکان فرۆشیاری هەمیشەیین، بڕی دیاریکراو وەردەگرن و ئەوەی لێیان دەخوازرێت دەیبەخشن. بەردەوام بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکانیان دەفرۆشن بەهەر کەسێک لەبازاڕی سیاسەتدا. گرنگ تەنها نرخەکەیە.

زۆربەی کات ناڕاستەخۆ ئەم سەرکردانەی جیهانی سێیەم پارە وەردەگرن. ڕیگەیان دەدرێت کە خۆیان دەوڵەمەند بکەن لەسەر نرخی گەلەکانیان لەڕێگای گەندەڵییەوە و لەوانەیە پارەکانیان بە هاوکاری هەندێک دەزگای بیانیی بنێرن بۆ بانکەکانی دەرەوە.

زۆربەی کات سەرکردەی گەندەڵ پاش ئەوەی چیتر کەڵکی سەروەرەکەی ناگرێت زۆر تراژیدیانە کۆتایی دێت. مۆبۆتۆی زائیری پێشوو کە ملیارەها دۆلاری گەلەکەی بەفیڕۆدا، پاش ڕوخانی دەسەڵاتەکەی لە مەغریب مرد، خێزانەکەی پارەیان نەبوو بینێژن حکومەتی مەغریبیی پارەی پرسەکەی بەخشی. موحەمەد سەعید باری، دیکتاتۆری پێشووی سۆماڵ پاش ڕووخانی ڕایکرد بۆ نایجیریا پاش ئەوەی چەند دزێک لە ماڵەکەیدا هیچیان نەدۆزیبووەوە بەلێدان کوشتیان. تا ئەمرۆ گۆڕەکەی نەناسراوە چونکە لە گۆڕستانی خەڵکی هەژاردا نێژراوە. هەروەها نۆریگا دیکتاتۆری

پێشووی پەنەما کە کاری بۆ (سی ئای ئەی) دەکرد و ماددەی بیهۆشکەری دەفرۆشت گیرا و فرێدرایە زیندانێکی ئەمریکیەوە.
چارەنووسی ئەوانەی خیانەت لە گەلەکەیان دەکەن لەهی ئەم دیکتاتۆرانە باشتر نابێت هەرگیزیش دڵنیانابن لەوەی لە کوێ دەنێژرێن پاش مردنیان.

## چۆن بەرەنگاریی گەندەڵیی بکرێت

لە سەرەتای ئەم وتارەدا گەندەڵی وەک شێرپەنجەی کۆمەڵگا پێناسەکرا. بەڵام دەکرێت شێرپەنجەش سەرکەوتوانە چارەسەر بکرێت، بۆ نمونە لەرێگای لابردنی ئەندامی تووشبووی جەستەوە، ئەمە بەواتای لابردنی ئەو پێکهاتە گەندەڵانەی نێو ئیدارەکانە بۆ نمونە لەرێگای سزادان یان ئاگادارکردنەوەیانەوە.
باشترین رێگا و میتۆد بۆ بەرەنگاریی گەندەڵیی ئەمانەی خوارەوەن کە لە وڵاتانی دیکە دەرکەوتوە کە کاریگەرن، ئەمانە هەندێکیانن:

1. دەوڵەتی یاسا: بەگشتیی دەوڵەتی یاسا واتا پێویستە هەموو کردەیەکی حکومەت لەسەر بنەمایەکی یاسایی بێت و دەبێت کەرەستەی یاسایی فەراهەم بێت بۆ بەرگرتن و سزادانی هەر شکاندنێکی یاسا. وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا دەسەڵاتی کۆنترۆڵنەکراو هەمیشە دەبێتە هۆی گەندەڵیی. باشترین رێگا بۆ کۆنتۆڵکردنی دەسەڵات بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵات و دانانی سیستەمێکی چالاکی چاودێریی و هاوسەنگیی لەنێوان باڵە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەسەر جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەرییدا، کە هەریەک سەربەخۆ لەوانی تر کاربکات لەهەمان کاتدا کۆنترۆڵی یەکدی بکەن، پێداویستییەکی رەهایە بۆ بەرگرتن بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات. لە کوردستان ئیمە هێشتا زۆر دوورین لە دەوڵەتی یاساوە چونکە ناچار دەکرێین کە لەژێر یاسای چەند کەسێکدا بژیین.
2. کۆنترۆڵی سەربەخۆی سەرمایەی دەوڵەت: هەموو کۆمەڵگایەکی شارستانی دامەزراوەیەکی سەربەخۆی هەیە کە کۆنترۆڵی داهاتی دەوڵەت دەکات. ئەم دامەزراوە دەکرێت راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت یان لەلایەن پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوەوە دروستبکرێت. دامەزراوەیەک بۆ کۆنترۆڵ کە خودی حکومەت یان حیزبی دەسەڵاتدار دروستیکردبێت ناکرێت وەک سەربەخۆ لێیبروانین لەوێوە جێگای متمانە نابێت چونکە ناکرێت کەسێک ببێتە دادوەر بەسەر خۆیەوە. هەردوو دامەزراوەی کۆنترۆڵی دارایی لە کوردستان ئۆرگانی دوو حیزبی دەسەڵاتدارن نابێت زۆر بەهەندیان بگرین چونکە کەم تا زۆر پەردەیەکە کە لە پشتییەوە گەندەڵیی کاربەدەستە باڵاکان دەشێت بەردەوام بێت.
3. کرانەوە و بەرپرسیارییەتی: هەموو زانیاریەکانی پەیوەست بە داهاتی دەوڵەت، داهاتی سیاسییەکان و دۆخی دارایی دەبێت کراوەبن بۆ هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت. سەبارەت بە

خەرجیی هەستیار لەبواری بەرگریی و ئاسایشدا دەکرێت کۆمیسیۆنێکی پەرلەمانیی کۆنترۆڵی ئەمە بکات. هەموو سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت و چۆنێتی خەرجکردنیان دەبێت بڵاوبکرێنەوە. کاروباری دارایی دەوڵەت ساڵانە ڕێکدەخرێت لە شێوەی یاسا لە پەرلەماندا. لە کوردستان کاروباری دارایی هەردوو ئیدارە تەنها نهێنییەکە کە باش دەیپارێزن، چونکە کەس نازانێت کە سەرچاوەی داراییان چیە و لە کوێوە دێت و چۆن خەرجدەکرێت. هەروەها کەس زانیاری نیە دەربارەی داهاتی بەرپرسە باڵاکان و دەربارەی ئەوەی خۆیان و خزمەکانیان چەند لەسەر کۆمەڵگا دەکەون. هەندێکیان مووچەیان نییە بەڵکو کۆی داهاتی ناوچەکە بەهی خۆیان دەزانن، لەوە بەشێک دەبەخشن بە خەڵک. مەسەلەی دارایی لە هەردوو ئیدارەی کوردیی کەم تا زۆر مەسەلەیەکی نهێنی خێزانییە.

4. ڕۆژنامەگەریی ئازا و ئازادیی چاپەمەنی: ئەمانە کەرەستەی دیکەی زۆر کاریگەرن بۆ کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی. ئەرکی ڕۆژنامەوانییە کە زانیاریی بدات بە خەڵک دەربارەی هەموو ئەو شتانەی گرنگیی گشتییان هەیە. گەندەڵیی و بەفیڕۆدانی داهاتی دەوڵەت گرنگیی گشتییان هەیە چونکە ئازار بە کۆی کۆمەڵگا دەگەیەنن. لە پەیوەند بە کوردستانەوە ئازادیی ڕۆژنامەوانیی هێشتا لەژێر گوشاری تووندایە، چونکە ڕووبەڕووی بەناو یاسای ڕژێمی بەعس دەبێتەوە، ئامانجی ئەم یاسایانە لەبەیبەردنی هەموو ئازادییە بنەڕەتییەکانە لە عێراق و بەتایبەتیی لە کوردستان. هەروەها یاسا هەیە لەدژی گەندەڵی کە بەعس دەریکردوە بەڵام هەردوو ئیدارەکە ئەم یاسایانە بەکارناهێنن لەدژی کاربەدەستە گەندەڵەکان.

5. بەرزکردنەوەی هۆشیاری خەڵک لە بەرامبەر دادوەریی: هەر کە خەڵک هۆشیاربوون دەربارەی مافەکانیان و ئەوەی کە چۆن نادادیی کەرامەتی مرۆڤ ئازاردەدات هەرگیز کۆڵ نادەن هەتا مافەکانیان وەرنەگرن. مەسەلەکە تەنها کاتە، بۆ ئەوەی خەڵک مافە سروشتیی و شەرعییەکانی خۆیان بسەننەوە.

لە کۆتاییدا دەکرێت ڕوو لە هاووڵاتییە کوردەکانم بکەم و بڵێم هەموو ئەوانەی دەیانەوێت لەگەڵ خەڵکی تردا لە ئاشتیدا ژیان بگوزەرێنن پێویستە ڕێز لە مافی ئەوانی تر بگرن پێش ئەوەی درەنگ بێت بۆ ئەوە. دروایی کۆنەکەمان شای ئێران زۆر زیرەک نەبوو، هیوادارم خەڵکی تر لەو زیرەکتربن.

سەرچاوە:

**Crimes of corruption in the Kurdish administration, By Dr Kamal Berzenji, 12/31/2002, KurdishMedia.com**
**http://www.kurdmedia.com/articles.asp?id=8846**